www.kurdistannet.org 25-4-2003

# له یادی ساڵڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردی دا

دیاره له مێژه رۆژی ٢ی بانەمەڕی وەک رۆژی ڕۆژنامەگەریی کوردی دیاری کراوه و ئەم ساڵیش پێ دەبێته نێو ١٠٥ ساڵەی خۆیەوه. بەلام من بۆ خۆم لەو بڕوایەدام که رۆژنامەنووسی مێژوویەکی کۆنتری هەیه و باشتره ئەو مێژووەش بۆ ئەم رۆژه دیاری بکرێ و کاتێکی گونجاتر و لەبارتر له کاتی نووسینی بەردەنووسەکانی شارۆچکەی "بێستوون" له پارێزگای کرماشان دا نیه. ئەو بەردەنووسراوه که تاکوو ئێستاش له ئێران دا پارێزراوه و وەکوو کۆنترین رۆژنامەی ئێران چاوی لێدەکرێ و له ٤١٤ دێڕ پێک هاتووه دەتوانێ بێته بناخەی ئەم رۆژه مێژوویه، (دیاره تاکوو ئاسەوارێکی لەوه کۆنتر دەدۆزێتەوه). ئەگەر له مێژووی کۆنیش گەڕێین ئەوا له مێژه ٢ی بانەمەڕ بۆ ئەم رۆژه مێژوویه دیاری کراوه. رۆژی ٢ ی بانەمەڕی ١٢٧٧ی هەتاوی (٢٢ ئاوریلی ١٨٩٨) "مقداد مەدحەد بەدرخان" روناکبیر و نیشتمانپەروەر کورد به دەرکردنی رۆژنامەی "کوردستان" له "قاهره" یەکەم رۆژنامەی کوردی له ئۆگران و دڵسۆزانی وشەی شیرینی کوردی گەش کردەوه و لایەنێکی نوێ له ژیانی سیاسی و فەرهەنگی له نێو میللەتی کورد دا دەستی پێ کرد.

سروشتی یه که رۆژنامەنووسیی کوردیش وەک زۆر شتی دیکەمان جیاوازی له گەڵ رۆژنامەی نەتەوەکانی تردا هەیه. ئەو جیاوازیەی که زۆر زەق و بەرچاوه، ئەوەیه که به پێچەوانەی هەموو نەتەوەکانی تر که له سەر خاکی نیشتمانی خۆیان به مەیل و بیرێکی ئازادەوه رۆژنامه دەردەکەن، نەتەوەی بەشخوراوی کورد، بەتووندی پێشی پێگیراوه و بۆی نەلواوه به دڵ و دەست ئاوەڵایی یەوه ئەم کاره بەرەو پێشەوه بەرێ. ئەوەی که کورد خاکەکەی لەت و پەت کراوه و به سەر چەند وڵات دا به چەند زمانی جیاوازەوه دابەش کراوه و دوو جۆره خەتی نووسینمان هەیه له خۆیدا کۆسپێکی یەکجار گەورەیه لەم بوارەدا. بێجگەلەمەش نەک هەر کورد دەرفەتی نەبووه و دوژمنان نەیانهێشتووه بحەسێتەوه و بیرێک لەم بواره کاتەوه، بەڵکوو تەنانەت له نێو وڵاتانی دەسەڵاتدار به سەر کوردستانیشدا ئیجازەی دەرکردنی رۆژنامەیەکیان پێ رەوا نەدیوه. ئەگەر له نێو نەتەوکەشماندا کەسێک پەیدا بوو بێ و ویستبێتی به ئازادی رۆژنامەیەک دەرکا، رەنگی هێڵەکانی رۆژنامەکەی ویشک نەبووەتەوه سەری له سێدارەوه بووه. بۆیه رۆژنامەگەری کوردی له دووره وڵات دەستی پێکرد و بناخەکەی نرا و پاشانیش به درێژایی تەمەنی خۆی به دزی له چیا و دۆڵ و هەردەکاندا و له نێو ئەشکەوت و کونەتەیارەکاندا، به داوکەوتووترین کەرستەی تایپ و چاپ هاتووەته بەرهەم و به دزیەوه له قەوارەی چووکەدا گەیشتووەته دەستی ئەویندارانی. له ماوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران دا ئەم جۆره ڕۆژنامه و گۆڤارانه تەنیا له ریزەکانی هێزی پێشمەرگەی

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دا خۆیان لە دەیان رۆژنامە و گۆڤاردا، کە هێنێکیان بریتین لە: تێکۆشەر، پێشەوا، ژنان، دەنگی ژنانی کوردستان، هاواری نیشتمان، دەنگی کورد، شەهید، زانیاری پێشمەرگە، گەلاوێژ، لاوان، دەنگی لاوان، رەخنەو ئامۆژگاری، نەکەرۆز، کێلەشین، یەکیەتی، روانگەی لاوان، هەواڵنامەی پڵنگ، ئارارات، ٢٦ی سەرماوەز، کۆمەڵ و تەرەغە و دەیان رۆژنامەی دیواری کە پێشمەرگەکان لە نووسخەی کەمدا لە دیواری بنکەکانیان دەدا و بە نۆرە دەخوێنرانەوە.

بە خۆشیەوە ئەوا بۆ زیاتر لە دە ساڵ دەچێ بەشێکی کوردستان ئازادە و لەم بوارەشدا هەنگاوی گەلێک باش نراوە و بە سەدان رۆژنامە و گۆڤاری هەمەجۆرە بلاو بووەتەوە، دیارە پێش ئەوەش ئەو بەشەی کوردستان ئازاد بکرێ کوردەکان لە هەرکوێی جیهان دا بۆیان لوابێ خێرا دەستیان بۆ قەڵەم بردووە و لە بواری ڕۆژنامەگەریدا دەستی خۆیان وەپێش خستووە، نموونەی ئەم ولاتانە "سوێد"ە کە تاکوو ئێستا زیاتر لە ٥٠ ڕۆژنامە و گۆڤاری تێدا چاپ و بلاو کراوەتەوە کە لە هەموو بوارە جۆراوجۆرەکانی وەک سیاسی، کولتووری، زانستی، کۆمەلایەتی و تەنزی تێدا گونجاوە. هەروەک ئێستا زۆر روون و ئاشکرایە ئەو بەشە چووکەی کوردستان کە بە دەست کوردەکانەوەیە زۆر لە ولاتانی دەراوسێیان زیاتر بایەخیان بە رۆژنامەگەری داوە و دەتوانم بە دڵنیایەوە بڵێم، ئێستا کوردستانی عێراق لە ئێران و عێراق و سوریە و بگرە لە تورکیەش زیاتر رۆژنامە و کۆڤار و کتێبی تێدا چاپ و بلاو دەکرێتەوە، کە ئەمەش نیشانەی رۆشن بیری خەڵکەکەیە. دیارە کوردەکان لە بواری بلاو کردنەوەی ڕۆژنامەی ئیلکترونیکی لە تۆڕی ئینتەرنێتیشەوە هەر لە نەتەوە داگیرکەرەکان لە پێشتر بوون و ئێستا دەیان و سەدان ماڵپەڕی ڕۆژنامە و گۆڤاری سیاسی، کورلتووری و فەرهەنگیان وەگەر خستووە، ئەم رەوتەش ئەوا چوار ساڵە دەستی پێکردووە و بە کوێرایی چاوی دوژمنان و نەیارانەوە، ئیتر هیچ هێز و قوەتێک نیە پێشی پێ بگرێ.

ئەوەی کە بۆ من وەک کوردێک جێگای داخە و لە دڵمدا بوەتە گرێ، ئەوەیە کە بەداخەوە لە زۆر رۆژنامە و گۆڤاری کوردی دا زۆر وشەی زەقی نارەسەن و داتاشراو بەرچاو دەکەون کە نەک هیچ قازنجیان نیە، بەڵکوو لە درێژخایەندا و بۆ نەوەی داهاتوومان زەرەری زۆرە و لاوەکانمان وادەزانن ئەم وشانە لەبنەرەتدا کوردین. دیارە وشە قەرز کردن لە هیچ زمانێک قەدەغە نەکراوە و ئەمەش کارێکی رەوایە، بەلام بە بڕوای من ئەگەر وشەکە بە کوردی هەبێ یان هاوماڵەکەی لە زمانی کوردی دا دەست بکەوێ، ئێمە غەدر لە زمانەکەمان دەکەین کە ئەو وشانەی تێدا بەکار بێنین.

www.kurdistannet.org 25-4-2003

رۆژنامەنووسانی کورد هەمیشە هەوڵی ئەوەیان داوە خوێنەرانی کورد زمان بەرەو ژیانێکی بەختەوەرانە و ئاستێکی بەرزتری ژیانی ئینسانی رێنوێنی بکەن. دژی نەخوێندەوای و نەزانی بوون، بانگەوازی بەربەرەکانێیان لەگەڵ خورافە و خورافەپەرستی بەرز کردووەتەوە و ژنانی کوردستانیان بۆ خۆ نواندن لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیان دا بانگهێشتن کردووە و هەوڵیان داوە ئاسۆی دوارۆژێکی شیاوی ئینسانی ئەم سەدەیە بۆ خوێنەرانیان دەست نیشان بکەن. بە دەگمەن هەڵدەکەوێ ڕۆژنامەنووس و رۆژنامەیەکی کوردی هەڵ کەوێ کە یەکێک یان چەند لەو ئەرکانەی ناویان برا ، بە جێ نەگەیاندبێ. لە راستی دا ڕۆژنامەنووسی کوردی چارەنووسی خۆی لە چارەنووسی گەلە زۆرلێکراو و بەشخوراوەکەی خۆی جیا ناکاتەوە و هۆی سەرەکی ئەم تایبەتمەندی یە بەرز و پیرۆزەی رۆژنامەنووسیی کوردی زۆرتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زۆرتبەی زۆری ئەو کەسانەی لە مەیدانی رۆژنامەنووسی دا خزمەتیان کردووە، تێکۆشەرانی نێو بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کورد بوون یان هەر لە جێ دا بەشی زۆری چاپەمەنیی کوردی لە لایەن حیزب و رێکخراوە خەباتگێڕەکانی کوردستانەوە بڵاو کراوەتەوە. لە راستی دا هێزە سیاسی و کەسایەتی یە نیشتمانپەروەرەکانی کوردستان رۆژنامەنووسی یان وەک چەکێکی کاریگەر بۆ بەرەو پێش بردنی خەباتی رزگاریخوازانە بەکار هێناوە.

هەرجۆرێک بێ ئەوا، ڕۆژنامەنووسان و قەڵەم نەترسانی گەلەکەمان لەم پلەیان گەیاندووەتە ١٠٤ ساڵی تەواو و ئەم ڕێگایەیان بە شانازیەوە درێژە پێداوە و بێگۆمان هەرواش درێژەی دەبێ هەرچێ ئەم رەوتە درێژە بکێشێ، ڕۆژنامەی کوردیش زیاتر رەنگینتر و پرنێوەرۆکتر دەبێ.

نەمر بێ یادی سەرقافڵەی کاروانی ڕۆژنامەنووسانی کورد، مقداد مەحەد بەگ.

سلاو لە گیانی پاکی رۆژنامەنووسانی پێنووس نەترسی کورد.

سلاو لە هەموو پێنووسێکی ئازاد، نەترس و راستی بووس.

حامید دوردی

٢ی بانەمەڕی ٢٧٠٣ی کوردی